میرنشینی بابان و عێراقی عەرەبیدا. هەر لە سەردەمی فەتح عەلی شادا، جەنگی (١٨٢٧-١٨٢٨ز)ی نێوان ئێران و رووسیا دووبارە بۆتەوە، کە وەک لەم بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێ دەوڵەتی قاجار، میرنشینی بابانیشی لەم جەنگە گلاندووە و سوارە و پیادەی کوردیشیان بۆ ئەوپەڕی باکووری خۆرهەڵاتی ئێران و سەر سنوورەکانی رووسیا بردووە[١٥]. دیسانەوە لەم جەنگەشدا خاکێکی زۆرتری ئێران کەوتە ژێر چنگی رووسیا، ئەوسا رووسیا بەرێکەوت دوژمنایەتییەکانیانەوە، لە بەرهەمی شیعری کلاسیکی کوردی، لای نالی و سالم و شێخ رەزای تاڵەبانی و هاورێکانیاندا، بەشێوەیەکی بەرچاو رەنگ دەداتەوە، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەو بەسەرکردنەوەی تایبەتی لە بارەیەوە نەکراوە.

لە هەندێ نموونەی شیعری ئەم قۆناغەدا، بەئاشکرا لایەنگیریی و پشتیوانیی لە فلانە میر و فیسارە میرنشین و پلار و تەشەری زبر، دژی میر و ناوچە و دیالێکتی زمان، رەنگیان داوەتەوە، کە مخابن لەباتی ئەوەی شاعیرانی ئەم قۆناغە، بانگەوازی یەکێتی و رێکخستنی ریزەکانی کورد بکەنە هەوێن، کەچی زامەکانی براکوژییان قووڵتر کردۆتەوە.

## محەمەد شا

## (١٨٣٥-١٨٤٨)ز

مەرگی فەتح عەلی شا، لە (٢٤/١٠/١٨٣٤ز)دا، ئێرانی کردە ئاژاوە و هەرا و پشێویی و زۆر کەس لە زۆر شوێنی ئێراندا خۆیان بۆ بوونە (شا) ئامادەکرد[١٦]. بەڵام لەم پشێوییەدا: محەمەد شای کوڕی عەبباس میرزا، کە تا ئەوکاتە لە تەورێز دەژیا، بەیاوەریی باڵوێزانی رووسیا و ئینگلستان هێنرایە تاران و لە کانوونی دووەمی ١٨٣٥ز، دا، کرایە شای ئێران.

محەمەد شا پیاوێکی بودەڵە و بێدەسەڵات بوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی شای ئێران بوو، بەگوێرەی رێنوێنی حاجی میرزا ئاقاسی بەرێوەدەچوو، کە ئەمیش هەرخۆی پیاوێکی هیچ لەباردا نەبوو بوو.

ئەو رووداوانەی لە سەردەمی شاهێتی محەمەد شادا پێوەندییان بەکوردەوە هەبێ، مەرگی سلێمان پاشای بابان (١٨٣٨ز)و لە جێدانانی ئەحمەد شای کوڕی بوو. هەروەها شەڕی ساڵی (١٨٤٢ز) نێوان عەبدوڵڵا پاشای برازای مەحموود پاشا و والی ئەردەڵان و رێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم (١٨٤٧ز) بوو، کە بووە تەواوکەری رێککەوتننامەی

١٥- بنوارە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤).

١٦- چونکە (عەبباس میرزا)ی کوڕ و جێنشینی خۆی، ساڵێک بەر لە مەرگی باوکی، لە (١٨٣٣ز)دا مرد.



یەکەمی ئەرزەڕۆم و مایەی خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی.

محەمەد شای قاجاریش لە سەرەتای ساڵی ١٨٤٨ز، دا مرد...[١٧]



محەمەد شا (١٨٣٥-١٨٤٨)ز

١٧- بەڵگەنامەکانی ئەم بەشەی ئەم کتێبە، تا سەردەمی (محەمەد شای قاجار) دواییان دێت. بەڵام شاهەکانی قاجار لێرەدا دواییان نەهاتووە، بەڵکو دوای محەمەد شا، ناسرەدین شای کوڕی دەبێتە شا (١٨٤٨-١٨٩٦ز)، دوای ئەویش موزەفەرەدین شا (١٨٩٦-١٩٠٦ز) و محەمەد عەلی شا (١٩٠٦-١٩٠٩ز) و ئەحمەد شا (١٩٠٩-١٩٢٤ز)؛ کە بە هەموو شاهەکانی قاجار، ماوەی (١٣٤) ساڵ و (٤) مانگ حوکمڕانیی ئێرانیان کردووە. دوای ئەوانیش شاهێتی بنەماڵەی (پەهلەوی- رەزا شا) دەست پێدەکات.